تۆرە مەبە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ی ووت: وەسیەت وئامۆژگاریم بکە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تۆرە مەبە»، پیاوەکە چەند جار هەر ئەو قسەی دووبارە کردەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یش هەر دەیفەرموو: «تۆرە مەبە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

یەکێک لە هاوەڵان -ڕەزای خوای لێبێت- داوای کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونێنی بکات بۆ شتێک سوودی بۆی هەبێت، ئەویش فەرمانیپێکرد کە تۆرە نەبێت، وئەمیش مانای ئەوەیە دوور بکەوێتەوە لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تۆرەبوونی، وپێویستە زاڵ بێت بەسەر نەفسیدا ئەگەر تووشی تۆرەیی بوو بەشێوەیەک تۆرەییەکەی کوشتن ولێدان وجوێندانی وهتد لە شتە ناڕەواکانی لەگەڵدا نەبێت. وپیاوەکە چەند جارێ داوای وەسیەت وڕێنمونێنی کرد، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم ئامۆژگاریە زیاتر هیچی تری پێنەووت: (تۆرە مەبە).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4709